
# عومەر عەلی ئەمین ئابڕووی یەکێک لەشانۆ مەزنەکانی برێخت دەبات




ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ئەمرۆ لە کوردستاندا، یەکێک لەگەورەترین کێشەی چاپکردنی کتێب ئەوەیە ، کەبە لێشاو کتێب چاپدەکرێت ، بێ ئەوەی کۆنترۆڵ یان چاوپیاخشاندنێک بەو کتێبانەدا بکرێت. دیارە هۆکاری ئەم دیاردەیەش بەشێوەیەکی سەرەکی ئۆباڵی وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان دەگرێت ، وەلێ لەهەمان کاتیشدا رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکانیش لەم بواردەدا زۆر کەمترەخەمن. چونکەرۆژنامەکان لاپەڕەیەکیان نییە ، کە تایبەت بێت بە رەخنەگرتن و خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کەلە کوردستان چاپدەکرێن . بەگشتی ئەو ڕانان و ڕەخنانەش کەلە رۆژنامەکاندا دەیبینن ، بەشێکی ئێجگار کەمەو لاوازە. وەلێ کارەساتەکە لە کتێبی وەرگێرانە ، کەرۆژانە بە لێشاو کتێبی هەمەجۆر وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی ، بەبێ ئەوەی هیچ چاوپیاخشانێک یان کۆنترۆڵێک بکرێن . بەراستی کاری وەرگێران ، کارێکی ئێجگار پیرۆزو حەساسە. وەرگێرانی دەقێک یان کتێبێک ، زۆر لە نووسینی کتێبێک گرانترە . یەکێک لە مەرجە سەرەکیانی کاری وەرگێران ، ئەمانەتە. واتە دەبێت بە ئەمانەتەوە دەقێک یان کتێبێک وەربگێریت. ئەمرۆ بەشێکی زۆری ئەو کتێبانەی کەلە کوردستاندا چاپدەکرێن ، بەبێ پرسی خاوەنەکانیان وەردەگێرێن . کەئەمەش بەپێی یاسای چاپ وبڵاوکردنەوەی جیهانی، کارێکی نایاساییە. ئەمە خۆی لەخۆیدا دزیەکی زۆر بێ شەرمانەیە کە دەکرێت . جگە لەوەش بەشێکی زۆری ئەم وەرگێرانانە ، لەزمانی بنەڕەتیەوە وەرناگێڕنە

سەر کوردی ، کەئەمەش زلەیەکی کوشندە لە خوێنەری کورد دەدات .
گرانترین کاری وەرگێران ، کاری وەرگێرانی دەقێک یان کارێکی شانۆییە. بەتایبەت شانۆیەکی برێخت یان شکسپیر، کەزۆر زەحمەتە بۆ کوردی وەریبگێریت. لەم ماوەیەدا کتێبێکی کوردیم بەرچاوکەوت ، کە لەسەری نووسرا بوو ( جۆغزە گەچینە، بیرتۆڵد برێخت) . وەرگێرانی عومەری عەلی ئەمین . من هەر لەکوردستانەوە زۆر هۆگری کارەکانی برێخت بووم. کاتێکیش گەیشتمە ئەڵمانیا ، بەهەمان شێوە بەردەوامیم بە خوێندنەوەی کارەکانی برێخت دا. کاتێک ئەم کتێبەم بینی ، زۆر سەیربوو بەلامەوە . چونکە هیچ کاتێک برێخت شانۆیەک یان کتێبێکی وای نەنووسیوە. پاش خوێندنەوەی شانۆکە ، بۆم دەرکەوت کە کاکی وەرگێر ، بەلنگەوقووچی! شانۆکەی وەرگێراوە.
ئەم شانۆیە لەدەقە ئەڵمانیەکەدا ناوی بەم شێوەیە ( **Der Kaukasische Kreidekreis** ) بەکوردیەکەی مانای ( **بازنەی تەباشیری قەوقازی** ). ئیتر من نازانم ، کاکی وەرگێر ئەم جوغزە گەچینەیەی لەکوێ هێناوە ؟؟!! . بەڕاستی ئەم شانۆیەی برێخت یەکێکە لە کارە مەزن و جوانەکانی ، کەلەم کارەیدا ، بەشێوازێکی زۆر جوان ڕەخنە لە سیستەمی دیکتاتۆری و تۆقێنەری ستالین دەگرێت. وەلێ بەداخەوە کاکی وەرگێری کوردی زۆر شێواندوویەتی . یەکێک لەکارە گرنگەکانی نووسینی شانۆ ئەوەیە ، کەدەبێت نووسەر هەموو ووردەکاریەکی بچووک بۆ خوێنەر بنووسێت . جگە لە سیماگشتیەکانی پاڵەوانەکان ، دەبێت نووسەر حاڵەتی ناو شانۆکەش جوان بنووسێت . پاشان لەڕووی زمانیشەوە ، دەبێت بەچەندین نیشانەو هێمای زمانی ، دەقەکان دابڕێژێت ، چونکە گەر وانەکەی خوێنەر سەری لێ تێکدەچێت .

بۆ نموونە برێخت لە دەقە ئەڵمانیەکەدا بەم شێوەیە نووسیویەتی

Pause.

Der Sachverständige: Hört jetzt das Protokoll: Es erscheinen in Nukha die Delegierten

کەچی کاک عومەر بەم شێوەیە وەریگێڕاوە.

( بێ دەنگی)

شارەزا_ ئێستا گوێ لەدەقی یاداشتنامەکە راگرن . وەفدێک لەکێڵگەی هەرەوەزی .....،

جارێک پێش هەموو شتێک ووشەی Pause مانای پشوویە ، کەچی ئەم دەڵێت بێ دەنگی !!
پاشان Der Sachverständige مانای کەسی بەرپرسیار دەگەیێنێت ، کەچی ئەم شارەزا!! ی نووسیوە. یەکێک لەجوانکاری کارەکەی برێخت ئەوەیە ، کە ڕستەکانە بە نیشانەو هێمای زمانەوانی ڕازاندۆتەوە، وەلێ بەداخەوە لە دەقە کوردیەکەدا زۆرکەم ڕێنمایی و نیشانەی زمانەوانی نووسراوە، کەئەمەش سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت. هەروەک چۆن ترافیک بۆ

شۆفێری ئۆتۆمبیل گرنگە ، بەهەمان شێوەش ئەو نیشانەو هێمایانە بۆ خوێنەری دەقی شانۆیی گرنگن.
من زۆرحەزم دەکرد کارێکی برێخت بە زمانی کودی بخوێنمەوە ، وەلێ بەداخەوە کاتێک ئەم کتێبەم بینی ، زۆر بێ تاقەتی کردم . کاک عومەر عەلی لەم کتێبەیدا،بەجارێک ئابڕووی کارەکانی برێختی مەزنی بردووە.

من هیوادارم کە وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان ، لەجیاتی سانسۆرکردن و ڕاونانی نووسەرانی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات ، لیژنەیەک دابنێت بۆ پێداچوونەوەی ئەو کتێبانەی کەوەردەگێڕنە سەرزمانی کوردی . گاڵتەجاریەکە لەوەدایە، ئەم کتێبە لەخانەی وەرگێڕانی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری چاپکراوە، واتە لەسەر نەفەقەی وەزارەت چاپکراوە!!! .

سەرچاوەکان :

جوغمزە گەچینەکە. بریتۆڵد برێخت . وەرگێرانی . عومەر عەلی ئەمین . وەزارەتی رۆشنبیری . خانەی وەرگێران . چاپخانەی دیلان . سلێمانی . 2004 .

Bertolt Brecht. **Stücke. 1935-1945 . Büchergilde Gutenberg. Frankfurt am Main. S551.**